# بەراوردكارییەكی بەلەز لە نێوان وێنای ژنی رۆژئاوا لە سەدەی حەڤدە و ژنی كورد لە سەدەی بیست و یەكدا



هەندرێن

## دەروازەیەک بۆ کۆمەڵگای رۆژئاوا و داخوازییەکانی بزاڤی مشتومڕی ژنان

هەڵبەتە دەستەواژەی ژنگەرایی/feminism وەک بوارێکی تیۆری و فەلسەفی، کە رەنگدانەوەی بزاڤە سیاسییەکانی سەدەی نۆزدە و بیستەمە، تا ئەمڕۆش لە ئەوروپادا بە دیاردەیەکی مەیلەو تازە سەیر دەکرێت، کەچی ئەم دەستەواژە لە دەڤەری رۆژهەڵات بە گشتی و، کوردستانیش بە تایبەتی، لە ئاخیر و ئۆخری سەدەی بیستەوە، وەک بوارێکی "نوێ" دەکەوێتە سەر زاران و بەدمگۆ دەکرێت. هاوکاتیش بزاڤی ژنگەرایی لای ئێمە بۆخۆی، تا ئێستاش، نەیتوانیووە هەڵگری گوتار/دیسکۆرسێکی خەملێوی خۆماڵی بێت، بەڵکە بەهرە و سەرچاوەکانی لە رەوت و تیۆریەکانی بزاڤێ ژنگەرایی/فێمینیسزمی هەنووکە، نەک قۆناغێکی دیاریکراوی رۆژئاوا دەستەوا کردووە/دەکا، ئەمەش رەنگە یەکێک بێت لە کێشەکانی بزاڤی ژنی لا ئێمە. بە واتایەکی تر، ئەو بزاڤە ساوایەی ژنی دەڤەری ئێمە لە وێنایکردنی خۆیدا ئەو ناوکۆیی/کۆنتێکستەی بزاڤی فێمینیزمی رۆژئاوا فەرامۆشدەکا. لێرەدا مەبەست ئەوە نیە کە درووست نیە ژنی کورد سوود لە ئەزموون و بیرۆکەکانی فێمینیستی رۆژئاوا وەربگرێت، بەڵکە مەبەست لە ئاستەنگی گواستنەوەیەکی راستەوخۆ و پەرەپێنەدانیەتی؛ واتا تا ئەمڕۆش کۆی ژنە چالاکەکانی کورد و رێکخراوەکانییان، بە دەراوێتەکردنی کاری کردەوەیی بەرچاوی هەندێک لە تاکەکەس و رێکخراوەکان، نەیانتوانیوە لە پرۆژەیەکی دارێژراودا لەسەر تیۆریی و ئەزموونێکی دیاریکراوی فێمینیزمی رۆژئاوادا، ئاسۆی مشتومڕێکی سوود بەخش دابهێنن، کە بتوانێت لەرینەوەیەک دروستبکات. روونتر بێژم، بە جۆرێک لە جۆرەکان، تا ئێشتاش بابەتی ژن و دەنگی ژنی کورد بەرهەمی ئیدیۆلۆگی_حیزبەکانن، نەک خودی ژن. هەروا هێشتا لە پانتایی رۆشنبیریی کوردیدا، ژنە چالاکەکانی ناو نووسینی کوردی وابەستەی ئەو پیاوە دەسرۆیشتووانەن، کە بەرهەمهێنەری بە "زەحیفە" و "سێکساندن"ی ژنن لە جیهانبینی کوردیدا. لێرەوە پارادۆکس/لێکناکۆکی بزاڤی ژنگەرایی ئەمڕۆکەی کوردی دەردەکەوێت. رەنگە لە رێڕەوی ئەم نووسینەشدا ئەو لێکناکۆکیی وئاستانگانە بۆ خوێنەر بە رووتی دەرکەون.

ئاشکرایە بزاڤی ژنگەرایی لە رۆژئاوادا لە هەریەک لە قۆناغەکانیدا هەڵگری گوتار/دیسکۆرسێکی دیاریکراو بووە، ئەو گوتارانەش گوزارەیان لەو ئەرک و مافانە کردووە کە پابەند بوونە بە سەرتاپای بزاڤە سیاسییەکانی کۆمەڵگای رۆژئاوا.
بەڵام ئاخاڤتن لە ئاستەنگ و هۆکارەکانی بزاڤی ژنگەرایی لە دەڤەری ئێمە پێویستی بە تاووتۆکردنێکی فرە رەهەند هەیە، کە لێرەدا ئەم نووسینە ئەو ئەرکە بە هی خۆی نازانێت.

بەلام دەکرێ بپرسین: ئایا دەکرێ باس لە لێکچوواندنێک لە نێوان کێشەی ژنی ڕۆژئاوا لە سەدەی حەڤدە و ژنی ئەمڕۆی کورد بکرێت؟ ئەو کێشە و خاسڵەتە هاوبەشانە چین، کە لە ژنی سەدەی حەڤدەی ڕۆژئاوا و ژنی کورد لە قۆناغی ئێستادا بەرجەستەدەبنەوە؟

شایەنی باسە، بنەمای ئەو بابەتە "وێنای ژنی ڕۆژئاوا لە سەدەی حەڤدەدا" کە لێکۆڵینەوەیەکی ماریا شۆباری Maria Sjöberg ە، وەک ئەرکێک لە خوێندنی زانکۆ کە لە 2002 دا لە وانەی مێژوودا ڕاڤەم کردووە و پێشکەش بە مامۆستا و پۆلەکەم کردووە. هەرلەوکاتەوە ئەوەم بە زەین داهات کە دەکرێ ئەو بابەتە بۆ وروژاندن، نەک داخستن و بڕیاردان، بکرێتە بابەتێک لەمەڕ پرسی ئەمڕۆی ژنی کورد. وێڕای ئەمەش، دەکرێ ئەو بەراوردکارییە لە زۆر دیوەوە ڕاڤە بکرێت، وەلێ لێرەدا من هەوڵدەدەم بە چڕی تیرێژێک لەو بیرۆکەیە، لەگەڵ نمایشکردنی پاشخانێک لە بزاڤی ژنگەرایی ڕۆژئاوا، پێشکەش بە بخوێنی ئەو بابەتە بکەم.

جێگەی ئاماژەکردنە لە ڕۆژئاوادا مشتومڕی فەلسەفیانەی ژنگەرایی سەد ساڵ پێشتر لە "شەپۆلی یەکەم" و "دووەم"ی بزاڤی ژنان لە ئارادابووە: ئەو بزاڤە لە ڕۆژئاوادا بە "مشتومڕە سەبارەت بە ژنان/querelle des femmes" ناودەبردرێت. دەستپێکی ئەو مشتومڕە سەبارەت بە پرسی ژن بۆ بەرایی 1400 ەکان دەگەڕێتەوە، کە هەتا 1500ەکان بەردەوام بوو. ئەو مشتومڕە لە سەرەتادا تایبەت بوو بە کێشەی یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا، کە هەتا هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسی لە 1789 درێژەی هەبوو.
"بزاڤی مشتومڕی ژنان/ querelle des femmes" وەک بزاڤێکی جڤاکی هەتا سەرهەڵدانی کولتوری کۆمەڵگای مەدەنی و دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرن لە فراژاندنا بوو. بەڵام ئەوکات ژن و پیاوە چالاکەکانی ئەو بزاڤە خۆیان بە فێمینیست ناوبێژ نەدەکرد، بەڵکە بە "داکۆکیکاران" یان "ڕابەران"ی ڕەگەزی ژن دەناسران. بۆیە ئەو بزاڤە لە تیۆرییەکانی ئەمڕۆی ژنگەراییدا گرینگییەکی زۆری هەیە.
فەیلەسوفی فێمینیست سیمۆن دێبۆڤوار/Simone de Beauvoir لەمەڕ "بزاڤی مشتومڕی ژنان/ querelle des femme" ئاماژە بەوە دەکا کە ئەو بزاڤە گفتوگۆیەک بوو لە نێوان پیاواندا. سەرچاوەی کێشەی ئەو بزاڤە بە لای سیمۆن دێبۆڤوارەوە، مەسەلەی خێزانداری، ژن و مێردایەتی بوو، کە کڵێسە کردبووی بە مەسەلەیەکی نهێنی یان پیرۆز و هاوکاتیش کڵێسە ژن هێنانی لە توێژی مسیحییەکان قەدەغە دەکرد. لە لایەکی تریشەوە داب و نەریتێک لە ئەدەبی کە جەختی لەسەر پایەی نەزاکەت دەکردەوە لە ئاراد بوو. ئەم تەرزە ئەدەبەش ژنی وەک وێنایەکی باڵا بەرجەستەدەکردەوە. دێبۆڤوار باس لە کریستینە دێپیسان (1364_1430) دەکا کە لەو سەردەمەدا یەکێک بوو لەو ژنە دەگمەنانەی کە لە گفتوگۆیەکانی سەبارەت بە ژن چالاک بووە. سەرباری ئەمەش بۆڤوار باسی ژنە شاعیری گرێکی کۆن سافۆ، ماری ویلستۆنکرافت و شاژنی سوێدی کریستینە دەکا، کە بە دیدی بۆڤوار تەنیا ئەو تاک تاکە ژنە گۆشگیرانە بوون کە چارەنووسی ڕەگەزی خۆیان خستە ژێر پرسیار. بەڵام نەیانتوانی لە بنەڕەتدا کێشەی ژن بگۆڕن.
وێڕای ئەمەش "بزاڤی مشتومڕی ژنان" بووە بنەمایەک بۆ بزاڤی هزری سیاسی و بزاڤەکانی دوای خۆی. لە سەروبەندی سەدەی حەڤدەدا ماری ویلستۆنکرافت بە هێنانە ئارای پرسی هاووڵاتی ژنان مشتومڕی کێشەی یەکسانی نێوان ڕەگەزی ژن و پیاوی مشتوماڵتر کرد. هاوکاتیش ماری ئان ڕانکلیف لەمەڕ کێشەی کارکردنی ژنان و کێشەی لەشفرۆشی دەپەیڤی. سەرهەڵدانی ئەو پرسە کۆمەڵایەتییانە ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخە سیاسی و ئابوورییانە بوون کە سەدەی حەڤدە بەرهەمهێنەری بوو.

لە سەدەی حەڤدەدا وێڕای پەرەسەندنی شار و کۆچی خەڵک بۆ شارەکان هاوکاتیش چینی بۆرژوا دەستی بە گەشەسەندن کرد. لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە جڤاکیانەدا پەیوەندییە گەرمەکانی نێوان ژن و پیاوانیش جێلەق بوون. بەمجۆرە بنەمایە باوەکانی هاوسەری، کە لەسەر بناغە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان وەستابوو، هەڵوەشایەوە.

تاکەکەسەکان لە کۆمەڵگای پێشتردا ئەرکیان ئەوە بوو ڕێز لەو ئەرک و بوچوونە بە کۆمەڵیانە بگرێن کە بۆی دەستنیشانکرابوو. دوای گۆڕانی ئەو دابونەریتانە وێنەیەکی نوێ لە ژن و ڕۆڵەکانی لە ژیانی هاوسەریدا دروستکرا. ئیتر لەمە بەدواوە لە شارەکاندا بۆ تاکەکەس ئاسان نەبوو هاوسەرێک بدۆزێتەوە. بۆیە ئاگاداری هاوسەرخوازی/ Kontakt annons کە لە شێوەی نامە دەنووسرا ئەرکی دۆزینەوەی هاوسەر هەڵدەگرێت.

ژنە نووسەری سوێدی ماریە شۆباری/Maria Sjöberg (*) لە لێکۆڵینەوەیە زانستییەکەیدا باس لە خواستی پیاو دەکا، کە لە گەڕان بە دوای هاوسەردا جەختی لەسەر تەرزە ژنێک دەکردوە کە پاک و بێخەوش بێت. هاوکات ئەو ژنە هەم ژنێکی جوان بێت و هەمیش دەست بەکار بێت، واتا بەخۆی بتوانێت باری ئابووری خۆی بەڕێوە ببات. خواستی پیاوان لە دووتۆی ئەو نامانەدا دۆزینەوەی وێنایەک بوو لە ژن، کە دەستەبەرکردنی ئاسان نەبوو. ڕەنگە سەختی و پیسی ژیانی شار لەو سەردەمەدا هاندەرێک بوو بێت بۆ پیاو کە خەونە بە  وێنایەکی خەیاڵی ژن ببینێت کە لێوان لێو بێت لە جوانییەکی بێگەرد. هاوکاتیش پڕ بوون و فرە بوونی شار لە خەڵک و مەرجی کار کردن، بە جۆرێک لە جۆرەکان،  ژیانێکی ئازادی بۆ ژنان ئاوەڵاکرد، کە چیتر پیاو نەتوانێ ژیانی ژنان کۆنترۆل بکات. بۆیە پیاوان تووشی گومان بوون و کەوتنە دوای گەڕان بە دوای ژنی پاک و بێگەرد، کە دوور بێت لە پیسی و ژیانی سەختی ناو کارگەکان.

مرۆ لەو نامانەوە هەست بەوە دەکا کە چۆن پیاو حەوداڵە بەدوای ئەو ژنە جوان و پاکە، هاوکاتیش پیاوان لەو دووتۆی ئەو نامانەدا لاوازی و کێشەکانی خۆی بە ئاوەڵایی بەرجەستەدەکەنەوە. بۆیە دەبینین لەو قۆناغەدا پەروەردەیەکی نموونەیی بەهایەکی زۆری هەیە بۆ ئەوەی ژنێک ببێتە جێگەی سەرنجکێشانی پیاوان. چونکە لەوێدا ژن وەک "بوونەوەرێکی نوێ" لە جاران سەربەستر بوو و ئەمەش وایلێکرد کە لەبەرانبەر پیاودا ببێتە ژنێکی گومانلێکراو تەواویش جیاواز بێت لەو ژنایەتییە باوەی پێشوو. سەرەڕای ئەمەش لەوێدا مەرجی هەست و سۆز و ژیری لە ژیانی هاوسەری نێوان ژن و پیاودا جەختی لەسەر دەکرایەوە، کە ئەمەش ناکۆکییەک بوو لە ژیانی مرۆڤی ئەو سەردەمەدا. ئەوکات بۆ پیاوان خوێندەواری ژن و هاوکاتیش ببێت بە خزمەتکاری، دوو مەرجی گرینگ بوون لە هاوسەریدا. ئاماژە کردن بە مەرجی ژیریی لە هەڵبژاردنی هاوسەریدا ڕەنگدانەوەی ڕوانگەکانی ڕۆشنگەریی بوو، کە لەوێدا لەو نامانەدا ئاوەزگەرایی جەختی لەسەر دەکرایەوە.

کەچی  لەوێدا ژن هەڵگری دوو هەڵوێستی لێکدژ بوو: لەلایەک، ژن بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن ژیانێکی سەربەخۆ و ڕزگار بێت لە کۆنترۆڵی خێزانەکەئەی، حەوداڵ بوو بە دوای ژیانی هاوسەرییەک کە ببێت بە ژنێکی باوی ماڵەوە. لە لایەکی تریشەوە، ژن زیاتر هەوڵیدەدا ببێتە وێنایەکی خەیاڵی، نموونەیی؛ باشترین ژنی ماڵ بۆ ئەوەی حەزەکانی پیاو پڕبکاتەوە، واتا هەم ببێتە ژنی ماڵەوە و هەمیش بەخۆی خۆی بەڕێوە ببات. بەمەش دەبینین کە چۆن ژن دەبێتە کەرەسەیەک لە بازاڕی پیاودا. چونکە لەوێدا ڕێژەی هەبوونی پارە و پوڵ ڕۆڵێکی گرینگی دەگێڕا لە دروستبوونی ئەو پەیوەندییە دوو لایەنیەدا. لە نامەکانی هاوسەرخوازیدا ژن وەک نموونەی ژنێکی بێوێنە بۆ سەرنجکێشکردنی پیاوخۆی دەناسێنێت. ژن بە هۆی بە ئاگایی بوونی لەو وێنە نموونەییەی کە  پیاو بۆی دروستکردبوو، ئازاری دەکێشاو هاوکاتیش هەوڵیدەدا خۆی وەک ئەو وێنەیە بنوێنێت.

ئەو ژنە نموونەییە بەرهەمهێنەری ئیدیالی چینی بۆرژوا بوو، کە وەک  گوتمان، لەو سەردەمەدا لە فراژانێکی خێرا بوو. بۆیە لەو سەردەمەدا بۆرژوازیەت بوو بە دەمڕاست و زمانحاڵی کۆمەڵگا. ئەو مرۆڤە ئیدیالەی کە بۆرژوا مەرامی بوو لە پێشەی ڕەسمی دەوڵەت، بەڵگەنامەی خوێندنی باڵادا بەرجەستە دەبۆوە، کە ئەو مرۆڤەش، بەلای بۆرژواوە هەڵگری ڕوانگەی زانیاریی و حەزی زانستییە. بەمجۆرە لەو سەردەمەدا بە ئیدیالی ڕۆشنگەریی چەشنە مرۆڤێکی نوێ دروستبوو.

لەو دۆخەدا پیاو وزە و توانا بوو، کەچی ژن  ڕۆڵی هەست و سۆز و خزمەتگوزاری دەگێڕا. وەلێ هاوکاتیش چینی بۆرژوا گرینگی خوێندن و فێربوونی هەم لەسەر ژن و هەمیش پیاودا کردە مەرجێک، کە ئەمەش بۆ بوو بە چەشنە

وێناکردنێکی دوو لایەنی: دەبوو هەم رۆشنبیر و هەمیش سۆزدار و هەستەکی بێت. بەمەش تاکوو ژن بتوانێت گشت مەیلەکانی پیاوی بۆرژوا پڕبکاتەوە.
ئیتر لەمە بەدواوە چینی بۆرژوای چیتر پێویستی بە "ژنی دێهاتی" نەمایەوە، کە هەرچەندە بە پوختی ئەرکەکانی ناومالّی رادەپەڕاند. ئەو ژنە "نوێیە" لە جێگەی ژنی دێهاتی، بوو بە وێنەیەک بۆ مالّەوە، کە دەبوو خۆی بۆ سەرتاپای خەلّک نمایشبکات. هاوکاتیش پیاو وێنەیەک بوو لە دەرەوەی مالّ کە ئەرکی راپەڕاندنی باری ئابووری بوو، لەگەلّ ژنەکەشی هاموشۆی دەوروبەرەکەی بکات. لەوێدا بۆ ژن گرینگ بوو کە لە بەرانبەر خەلّکدا وەک ژنێکی جوان و زەنگین خۆی بنوێنێت. جێگەی سەرنجە لەو سەردەمەدا وێنە و پۆرتەرێتی مێینە بە جۆرێک دەکێشرا، کە دەبوو گشت لایەن و شێوەکانی ژن دلّڕفێن بێت.
لە بواری هونەری وێنەکێشاندا پۆرتەرێتی ژن زۆر گرینگی پێدەدرا، کە رەنگدانەوەی روحی رۆمانتیکی و سروشتگەرایی بوو. هاوکاتیش لە پانتایی ئەدەب و شیعردا ئەو وێنە نموونەییەی مرۆڤ بوو بابەتێکی گرینگ و لەوێدا رۆلّی ژنیش وێنەیەکی رازاوە و پۆشتە دەنوێنێت.
بەمجۆرە دەبینین وێناکانی ژن و ئەرکەکانی بەندە بەو گۆڕانکارییانەی کە سەردەی حەڤدە بەرهەمهێنەری بوو.

## کۆمەلّگای کورد و وێنای ژن

هەلّبەتە پرۆسەی گۆڕانە سیاسی و کۆمەلاّیەتییەکان لە کوردستان جیاوازییەکی زۆریان هەیە لەگەلّ رۆژئاوادا. وێڕای ئەوەش بە هۆی ئەو دۆخە سیاسی و ئابوورییەی کە نەتەوەی بالاّدەست و داگیرکەر بەسەر بەشەکانی کوردستانیان سەپاندووە، ئاکامی ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە هەر یەک لەو بەشانە، بە جۆرێک لە جۆرەکان، رەوت و ئاستی گۆڕانەکانیان لەیەک نەچن. بەلاّم لە سەرەتایەکانی سەدەی بیستەم لەگەلّ رزگار بوونی گەلان و کاریگەرییەکانی رۆشنگەریی رۆژئاوا، بەتایبەتیش روانگەی مارکسیزم و سۆسیالیست و بیرۆکەی نەتەوایەتی، گوڕ و جۆشێکی نوێی هێنایە ناو جەستەی کۆمەلّگای کوردی. لە بواری رۆشنبیرییەوە کۆمەلّێ رۆناکبیری گۆشکراو بە بیری پێشکەوتنخوازی لە پێناوی بونیاتنان و هۆشیارکردنەوەی کۆمەلّگای کوردیدا دەکەونە چالاکی رۆشنبیریی و سیاسی. ئەو بزاڤە رۆشنبیرییە بە هەولّی کۆمەلّێ رۆناکبیری سەوداسەر بۆ ئازادی و بوژانەوەی کۆمەلّگای کوردستان، تەکانێکی نوێ بە جەستەی ژیانی کۆمەلاّیەتی و سیاسی کورد دەبەخشن.
لێرەدا ئەرکی ئەو نووسینە تەرخان نیە بۆ راڤەکردنی ئەو بزاڤە رۆشنگەرییە، بەلّکە گوزەرێکی بەلەزە بۆ نۆزینەوەی پاشخانێکی بابەتی نێوبراو. بۆیە بۆ چرکردنەوەی مەبەست ئەوەندە بەسە کە ئاماژە بە رۆناکبیرانێکی وەک: ئەحمەد موختار جاف. پیرەمێرد، قانیع، بێکەس، رەفیق حیلمی مستەفا بەگی ساحێبقران، تۆفیق وەهبی، جەمیل سائیب، عەلائەدین سەجادی و دلّدار ... هتد، بکەین کە هاندەر و دەنگی ئەو پرۆژە رۆشنگەرییەی کوردی بوون. لەوێدا ئەو بزاڤە رۆشنگەرییە لە چالاکی فرە دیوی کولتوری و سیاسیدا، هەر لە کتێب و گۆڤار و بلاّوکردنەوە و کۆڕدا خۆی بەرجەستەدەکردەوە. لە پالّ ئەمەش بەرانگاربوونەوەی کورد بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمودی نەمر بە رووی دەسەلاّتی داگیرکەری ئینگلیز و دواجاریش بۆ نموونە، بزووتنەوەی "حیزبی هیوا" و "ژێکاف" درێژەپێدەری ئەو پرۆژە کولتوری و سیاسیەی کوردستان بوو، کە لە رێگای ئەو بزاڤانەشەوە، سێ جومگەی جەستەی کوردستان لێکتر نزیکدەبنەوە.
لە باکووری کوردستان وێڕای راپەڕینی شێخ سەعیدی نەمر، بزڤی کولتوری و چاندی کوردییش دەفراژێ. پرۆژە رۆشنبیرییەکانی بەدرخانیەکان نموونەی بەرچاوی ئەو قۆناغەن. لە بەشی رۆژهەلاّتی کوردستانیش ئەو بزاڤە سیاسی و کولتورییە لە بەرهەمی کۆماری مەهاباد/کوردستانی کۆست کەوتوودا، بە سەرۆکایەتی قازی محەمەدی گیانفداکار، بەرجەستەدەبێتەوە.
لەوێدا، ئەو رۆناکبیر و بزاڤە سیاسیانە پایەی ژن و هۆشیارکردنەوەی بە راشکاوی جەخدەکەنەوە. هاواری پیرەمێرد، قانیع، بیکەس، بەردخانیەکان و ئامادەبوونی ژنان لە ژیانی کۆماری کوردستانی جوانەمەرگدا، بەلّگە و بەهای رۆشنگەرانەی ئەو بزاڤە نوێیە لە مێژووی کورد دەنوێنن.

لێرەدا رەنگە گرینگ بێت گەر ئاماژە بەوە بکەین، کە وەک تایبەتمەندییەکی کوردیانە، ژن لە روانگەی کوردیدا، تاکوو ئەمرۆش، لە وێنەیەکی شۆڕشگێڕانە و سەرخۆ بوونی سەرتاپای کوردستان وێنادەکرێت. ئەمەش، رەنگە بەشێکی زۆری، بەند بێت بەو ئاستەنگە مێژوویەی کە نەتەوەی کورد لە ژێر ژانی داگیرکراویدا دووچاری بووە. بۆیە رزگاری ژن گرێدراوە بە رزگاربوونی ناسنامە نەتەوایەتییەکەی لە ژێر دەستی داگیرکەراندا. لەو روانگەیەوە دەبینین، گەر شیعرە گەرم و سەرکێشەکانی حاجی قادری کۆیی، سەرەتایەکی تازەبن لە هزری نەتەوایەتی کورد، هەر بۆیە تا هەنووکەش دەکرێ بێژین، بزاڤە سیاسی و کولتورییە یەک لە دوا یەکەکانی کوردستان وەک دەنگدانەوەیەک، بەردەوامییەک لە هاوارە ئازادیخوازییەکانی حاجی قادری کۆیی پێناسە بکەین.

شایەنی باسە، پرسی ژن لە کوردستاندا، هەم لەو رابردوو و، هەمیش لە ئیستادا، دابڕاو نەبووە لە بزاڤی سیاسی و نەتەوایەتی کورد. واتا خودی ژن، لە دەرەوەی ئەو بزاڤە سەرتەسەرییەدا، خودان بزاڤێکی تایبەت بە ژن نەبووە.

بۆیە، بە بڕوای من، ئاسان نیە، وەک ئەوەی لە رۆژئاوادا دەبینرێت، باس لە رەوتێک و قۆناغێک بکەین، کە بە بزاڤی ژن بناسرێتەوە. رەنگە هۆکاری ئەمەش فرە بن، بەڵام سەبارەت بە کورد، دەکرێ ئاستەنگی بندەستی کورد هۆکارێکی بنەڕەتی بێت بۆ نائامادەیی بزاڤی ژنی کورد.

وێڕای ئەو هەڵبەز و دابەزەی کە لە ماوەی شەست، حەفتا و هەشتایەکاندا بەسەر بزاڤی سیاسی و کولتوری کۆمەڵگای کوردیدا هات، کەچی لە کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا، جڤاکی کوردستان بە گشتی وێنایەکی جیاواز لەوانەی پێشتر دەنوێنێت.

هەڵبەتە، لە ئاکامی ئەوەی کە لەم قۆباغەی ئیستادا، بە بەجیهانیبوون و جیهانگیری ناسدەکرێت؛ واتا ئاوەڵابوونی سنووری نێوان وڵات و کولتورەکان، هاوکاتیش ئاسانکاری ئامرازەکانی ئاڵوگۆڕی و پەیوەندییەکان، بە تایبەتی بە هۆی مێدیای بینراو و ئینتەرنێتەوە، وەک فشارێکی دەرکی جڤاکی کۆمەڵگای ئێمە ناچاری گۆڕانێکی رووکەشی و مەیلەو ئاڵۆزەکات. وێڕای ئەمەش لە ماوەی ئەو چارەکە سەدەیەی دواییدا، لە ئاکامی بەرزبوونەوەی پێداویسیی و گەشەی بازاڕی سەرمایەداریدا، کۆچگەلی بوو بە دیاردەیەکی بەرفرەی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی بە گشتی و کۆمەڵگای کوردی بە تایبەتی. وێڕای ئەمەش لە کۆتایی هەشتا و نەوەدەکاندا لە ئاکامی سیاسەتی راگواستنی زۆرەملێی رژێمە داگیرکارەکان لەسەر کورد، بەشێکی زۆر لە دێهاتەنشینەکان، کە لە هەموو بەشەکانی کوردستاند پیادەکرا، ئاوارەی ئۆردوگا زۆرەملێ و شارەکان بوون. بەمجۆرە شیرازەی کۆمەڵگای کوردی لەو بارە کە دەقی پێوەگرتبوو لێکدەترازێ و ژنی کورد لە وێنایەکی بێگەردەوە و دەبێت بە بوونەوەرێکی لێڵ. هاوکاتیش روانگە تازەکان دەخزێنە ناو ئاگایی تاکەکەسی کوردییەوە.. ئەمەش کولتور و وێنایەکی شیوە جودای بەرهەمهێنا. بەمجۆرە وێنای ژن لە کۆمەڵگادا گۆڕانێکی تازە بەخۆوە دەبیبینێت. ئیتر ژن لەو چوارچێوەیە دەردەچێت کە پێشتر تیادا دەژیا. هاوکاتیش، ئەگەر پێشتر خانەدانی و پاکیزەیی لە شووکردن بە خێڵ و چاوناس بەرجەستە بکرابایەوە، ئەوە ئێستا لە پیاوێکی کوردی ئەوروپایی. ئاکامی ئەو دۆخە، بە جۆرە وێکچوونێک وەک ئەوەی کە لە شیوەدا بەسەر کۆمەڵگای رۆژئاوای سەدەی حەڤدەم هات، ئیتر پیاو لە توانای نەمایەوە وەک پێشتر ئەو هاوسەرە بدۆزێتەوە، کە لە کۆنترۆڵکردنی دڵنیا بێت.

بەڵام لەو قۆناغەدا، وەک ئەو لێکدژایەتیەی کە لە ژنی سەدەی حەڤدەی رۆژئاوادا بینینمان، لە لایەک دۆزینەوەی هاوسەرێکی ئەورپانشین یان دەوڵەمەند مانای ئازادبوون دەبەخشێت لەژێر کۆنترۆڵی ماڵەوە و دەوروبەر، لە لەیەکی تریشەوە، دەبێ ژنێکی خوێندەوار، جوانێکی نموونەی و پاک داوێنیش بێت. شایەنی بە یادهێنانەوەیە کە بەشێکی زۆری ئەو ژنانەی کە شوویان بە پیاوی ئەوروپانشین کردەوە و دەکەن، بریتین لەو ژنانەی کە گوایە هۆشیارن و داکۆکیکاری مافی ژنانن. (لێرەدا من ژن وەک رەگەز بەکاردێنم، نەک بە واتای ئەو ژنانەی کە شوویان کردووە، هەروا لای من ژن و کیژ بەها و مانایەک نابەخشێن). لێرە بە دواوە، بە تایبەتی دوای روخانی سەدام و هاتنی ئەمریکا بە شێوەیەکی سەربازی بۆ ناوچەکە بە دمگۆکردنی بانگەشەگەلی وەک: بە ئازادی، دیمۆکراتیکردنی رۆژهەڵاتی ناڤین ... هتد، بە شیوەیەکی جەڵەبی مۆدە سیاسی و کولتورییەکانی رۆژئاوا دەزێتە ناو زەینی مرۆی کورد و دەبێتە وێردی سەر زاری خەڵک. لەگەڵ ئەمەشدا، بە جیاوازیەکی زۆرەوە لەگەڵ چینی بۆرژوای رۆژئاوادا، لە کوردستان توێژێک، نەک چینێکی بۆرژوای "مشەخۆر" یان "شێوە بۆرژوا" سەرهەڵدەدات. بوونی ئەو ژمارە زۆرەی

کورد لە دەرەوە و گەرمبوونی هات و چۆیەکان لە نێوان کوردستان و ئەوروپادا، بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵێ دیاردەی رووکەش بێتە ناو ژیانی کوردەوە. بە تایبەتیش بەشێکی زۆری کوردی هەندەران، بەهۆی ژیانی رووکەشی خۆیان و رەچاوکردنی ئەو نەدارییەی کە بەشێکی فرەی کۆمەڵگای کورد دووچاریەتی. دەستییان کرد بە گواستنەوەی دیاردە رووکەشەکانی رۆژئاوا، ئەوەندە بەسە کە ئاماژە بەوە بکەین، کە خەڵکی کورد، بە تایبەتیش ژنان، تا ئیستاش وادەزانێ هەموو ئەوانەی لە ئەوروپان، بوونەتە ئەوروپی، ئەوەش لەو ئۆتوپیایەوە سەرچاوە هەڵدەگرێت، کە مرۆڤی رۆژهەڵات دەمێکە، بە هۆی رژێمە تۆتالیتار و داخراوی کۆمەڵگایەکەوە خەونی پێوە دەبینێت. بەهەمەحاڵ، ئەوانە بابەتگەلێک شرۆڤەی فرە رەهەندی گەرەکە، بەڵام ئەم نووسینە ئەو ئەرکە بە هی خۆی نازانێت.
بەڵام ئەو لێکچوونانەی کە لە نێوان ژنی رۆژئاوا لە سەدەی حەڤدە و ژنی ئێستای کورد بەرجەستەدەبنەوە، ئەو پەرۆشی و وەڕزییانەیە کە لە ئاکامی ئەو "مرۆڤە نوێ"یە یان " ژن و پیاوە نوێ"یەدا بەرهەمهاتووە. بۆیە ئەمڕۆ پیاوی کورد خەون بە ژنە ئیدیالیە دەبینێت کە هەم پاک و بێگەرد بێت و، هەمیش بۆ دەوروبەر شۆخ و شەنگ و بەرچاو بێت. چونکە ئەمڕۆ بەشێکی فرەی کۆمەڵگای کوردی لە وێنایەکدا خۆی نمایشدەکا، کە ئاڵۆزکاوە: لە لایەک نە ئەرکی ژن وەک کابانی ماڵەوە مایەوە و نە پیاویش لە چوارچێوەیەکی تەسکدا ئەرکی بەخێوکردنی ماڵەوەیە. ئەو توێژە مەیلەو بۆرژوا یان خاوەن ئابوورییە کە ئەمڕۆ شانۆی جڤاکی کورد دەنوێنێت، رۆڵی دەرەوە دەگێرێت و هاوکاتیش ژنی ئەمڕۆی کورد هەم رۆڵی ناوماڵ و هەمیش لە دەرەوەی ماڵدا وێنەی جوانی بنوێنێت. لێرەوە دەکرێت بڵێین، کە یەکێک لەو هۆیانەی کە بۆتە هۆی دیاردی کوشتنی ژنی کورد لە ئەوروپادا، کە بە "شەرەف" ناودێردەکرێت، بۆ ئەو پەرادۆکس/ناتەباییەی پیاو و ژنی کورد دەگەڕێتەوە. لە کاتێکدا پیاو ناچاری ئەوەیە کە هاوسەرەکەی یان کیژەکەی کار بکات یان بخوێنێت، کەچی هاوکاتیش دەخوازێت لە پاکی و بێگەردییان دڵنیا بێت. ژنی کورد لەلایەک خوازیاری ئازادیە، لەلایەکی تریشەوە نە دەتوانێت لەو سێوازە باوەی هاوسەری کە پیاو خوازریەتی ئازاد بێت، نە دەشتوانێت بە مەرجەکانی ئەە رازی بێت. وێڕای ئەمەش ئەمڕۆ ژنی کورد ملکەچە بەوەی کە هەم جوان و چێژپرژێن بێت و هەمیش پاکیزە و خانەدان بێت.

ئەو ئاستەنگەی کە لێرە رووبەڕوومان دەبێتەوە، لەوکاتەی کە دەمانەوێ ئەو بەراوردکارییە بەلەزە پیادە بکەین، ئەوەیە کە وێڕای ئەو گۆڕانە سیاسی و ئابوورییەی کە لە کوردستاندا لەم قۆناغەدا هاتۆتە کایەوە، کەچی ئاسان نیە پێناسەیەکی تۆکمە بۆ بزاڤی ژنی کورد بدۆزینەوە. لەوکاتەی کە لەو قۆناغەدا ژنگەلێکی چالاک هاتوونەتە سەر شانۆی کۆمەڵگا، کەچی لە هەموو بەشەکانی کوردستان بزاڤێکی خاوەن گوتارێکی بەرجەستەکراوی ژن بەدیناکرێت. وێڕای ئەو تاکەکەسە جودایانەی کە ماوەیەک دەردەکەون و زووش، وەک ئەستێرەی بەربەیان ئاوادەبن. بە واتایەکی تر، بە بڕوای من کێشەی بزاڤی ژنی کورد لەوەدایە کە تا ئێستا توانای بەرهەمهێنانی پرۆژەیەکی تیۆری/کردەیی نیە. پرۆژەیەک کە بە هاوئاهەنگی پشتینەی ژنی کورد و کۆمەڵگایەکەی بتوانێت دابڕانێک لە وابەستەیی ژنی کورد بە حیزبی کوردی دروستبکات. چونکە تا ئەمڕۆش ئەوە حیزبە؛ پیاوی باڵادەستە کە دیکۆرێک بە ناوی کێشەی ژن دەسازێنێ. هەڵبەتە لە نیوەی سەدەی رابردووەوە تا ئێستاش حیزبەکان دەست گەرمبوونە بە دروستکردنی بەشێک بە ناوی رێکخراوی ژنان. لە دواجاریشدا ئەرکی ژن لەو رێکخراوانەدا راپەڕاندنی ئەرکی حیزب بووە نەک بەرجەستەکردنەوەی مافی ژن، کە وەک هاووڵاتییەک، هەم لە یەکسانیدا بە کەم سەیریکراوە و، هەمیش لە رێگای ئایدۆلۆژیی ئەو حیزبانەوە لە رۆڵی خۆی دوورخراوەتەوە.
لێرەدا مەبەست ئەوە نیە کە حیزب مافی ئەوەی نیە رێکخراوی ژنی هەبێت، هەروا مەبەست ئەوەش نیە کە نابێ ژن لە حیزبێکدا چالّاک بێت. بەڵکو مەبەست کێشەی ئەو دیاردانەیە کە حیزب وەک یارییەک بەناوی رێکخراوی ژن سازیدەکات، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ژن نەتوانێت خاوەنی بزاڤێکی سەربەخۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێت.
بەڵام دەکرێ بێژین، گەر بزاڤی ئێستای ژنی رۆژئاوا دەنگدانەوەیەک بێت لە "بزاڤی مشتومڕی ژنان"ی سەدەی چواردە و "شەپۆلی یەکەم و دووەم" بێت، ئەوە ئەو ژنە "نوێ"یەی کورد، ژنێکە کە ئەمڕۆ ناتوانێت بە ئاگایی

یادەوەرییەکی لەو تەرزە بزاڤەکەی خۆی بەرجەستەبکاتەوە. وەلێ ناکرێ رۆڵی دیارکراوی ژنگەلێکی کورد و بۆ نموونە، دڵسۆزانی رۆژنامەی (رێوان) فەرامۆشبکەین.
بەڵام بۆ ئەوەی ئەو وێنایەی ژنی کورد و کۆمەڵگای کوردی ئەمرۆ، کە ئەم نووسینە گەرەکیەتی، لە نزیکەوە بەرجەستەبکەینەوە دەکرێ ئاماژە بە وێنای "کۆنفرانسی ژنی کورد" لە ستۆکهۆلم بکەین، کە بە گوێرەی "دەمڕاستی" ئەوڕۆی ژنی کورد و ئەو کۆنفرانسە، دانسقەترین چالاکی ژنی کورد بووە. کەچی بە گوێرەی ئەو راپۆرتەی کە نەوزاد ئەحمەد عەلی لە "کوردستانی نوێ" لەسەر ئەو کۆنفرانسەی نووسیبوو، ئاماژە بەوە دەکا کە ژنانی بەشداریکەری ئەو کۆنفرانسە "دانسقە"یە لە رۆژێکدا "حەوت جار" جلوبەرگیان گۆڕیوە. واتا ئەو کۆنفرانسە بۆ خوێنەری کورد، وەک "پێشەنگایەک"، زیاتر بۆ نمایشکردنی جوانی لەش و جلوبەرگی ژنی ئەوڕۆی کورد بووە، نەک لێدوان و چارەسەرکردنی پرسی ژن. ئەو لێکدژییەش لە وێنای ئەو ژنە "نوێنەر"انەی "کۆنفرانسی ژنی کورد لە ستۆکهۆلم" لەوەدا تۆختر دەبێتەوە، کە بە قسەی نەوزاد ئەحمەد عەلی، کەسییان ئامادە نەبوونە گفتوگۆ لەسەر نهێنییەکانی ئەو هەموو جل گۆڕینە بکەن. ئەمەش ئەو لێکدژی و ئاستەنگیەی ژنی کوردی ئەمرۆی کورد بەرجەستەدەکەنەوە، کە ئەمەش لە کێشەی دووانەیی، دۆبل مۆرالی کۆمەڵگای سەدەی حەڤدەی رۆژئاوا دەچێت، نەک ئێستا. یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی بزاڤی فێمینیستی ئەمرۆی رۆژئاوا، کە هەوڵدەدەن تێکیبشکێنن، رەتکردنەوەی ئەو وێنایە نموونەییەی ژنە، کە پیاو خوڵقاندوویەتی. بۆیە ژنە چالاکەکانی زۆر لە بزاڤی فێمینیستی رۆژئاوا، وەک ئەنارشیست خۆیان دەنوێنن. بەڵام ژنی ئەمرۆی کورد، وەک ژنی سەدەی حەڤدەی رۆژئاوا، لەلایەک "شۆڕگێڕ"انە باسی مافی ژن دەکا، کەچی نیوەی کاتەکانی، تەنانەت لە "کۆنفرانسە"کانیشدا، بە خۆرازاندەوە و جوانکردن دەباتە سەر. ئەمەش رەنگدانەوەی پێکهاتەی جڤاکی ئەمرۆ کورد بەرجەستەدەکاتەوە، کە بە خواستە ئیدیاڵەکانی پیاو بارگاویکراوە. لێرەدا مانای ئەوە نیە کە من جوانی و مێنەیی ژن رەتدەکەمەوە، بەڵکو مەبەست رووتکردنەوەی ئەو نهێنیە لێکدژانەن کە لە هەناوی کۆمەڵگای کورد و ژنانی دەژین. بەهەمەحاڵ.

لەم روانگەیەوە ئاستەنگی سەرهەڵنەدانی بزاڤێکی خەملیوی ژنان لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پرۆسە ناسروشتیەی کە سەرتاپای جڤاکی کوردی دەبیرێت. هۆکارە بزوێنەرەکانی ئەو پرۆسەی گۆڕانە، هۆکاری دەرەکین نەک ناوەکی. ئاکامی ئەمەش دەبێتە دروستکردنی کولتوری شیوە. بۆیە کاریگەرییەکانی ئەو گۆڕانە لە ئاستێکی دەرەکی و نیوەچڵدا قەتیسدەمێنن. هاوکاتیش پرۆسەی گۆڕان لە کۆمەڵگای ئێمەدا، هەروەک کۆمەڵگایەکانی تری رۆژهەڵات، لە ئاستی توێژێکی باڵادەستی سیاسیدا تەسکدەبێتەوە، نەک سەرتاپای کۆمەڵگا. ئەو گۆڕانەش ناتوانێت وشیارییەکی گشتی و ریشەیی لە هەناوی کۆمەڵگادا بەرهەمبهێنێت.

2005.6.7
ستۆکهۆلم/سوێد

ژێدەر:

1- Thomas Lindkvist (Red)”Metodövningar Historisk teori, metod och källkritik Maria Sjöberg, Föreställningar om män och kvinnor i det sena 1700-talet”, Studentlitteratur, Lund, s. 65-80.

2- Joan Kelly, ”Women, History, Theory”, 1984 :بۆ زیاتر زانیار لەمەڕ بزاڤی ژنی رۆژئاوا، بڕوانە